وەزارەتــی نـــاوخــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە :   ٣٢٦٤
ڕێکەوت : ٢٦  /  ٩/  ٢٠٢٢

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(٢٠٢٢ -GP.٢٥) تەندەری پرۆژەی

## ( دروستکردنی شەقامی سەرەکی گەڕەکی جوتیاران لە کەلار )

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامـادەکراوە لە لایەن (ســەرۆکایەتی شـارەوانی کەلار ) , لە ســەر بـودجەی پەرەپێـدانی پارێزگاکـان/ ئیـدارەی گەرمیـان ساڵی ٢٠٢٢ جێ بەجێ دەکرێت , هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر .  ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ٢١٠ ) دوو سە د وەد ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جـێ بەجـێ دەکرێـت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنـــی تەنـــدەر لە ڕۆژی (یەک شـــەممە ٢/ ١٠ /٢٠٢٢ )ەوە دەســـت پـــێ دەکـــات تـــا ڕۆژی (یەک شـــەممە ١٦ / ١٠ / ٢٠٢٢) کـاتژمێر ( ٩ )ی   سـەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامبەر بە ( ٢٠٠,٠٠٠ )  دوو سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی  بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( سێ شەممە ١٨ / ١٠ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ  کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
•  بەشـداربوان بـــۆ هەر پرسـیار و ڕوونکــردنەوەیەك  لەســەر تەنــدەری پــرۆژەکە دەتــوانن ســەردانی ئیــدارەی گەرمیـــان / ب. گرێبەستەکان بکەن .

• مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٥ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢-  بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( **التعهد الخطي الضامن** ) بەپێی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە  پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی  تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣-  ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤-  پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**

**/ ٩ / ٢٠٢٢**